كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 1:23 13-4-2007

# سەرۆكی هەرێم... كام دۆسییەی تاڵەبانی پینەكات؟؟!! ... خوێنكار

دوو هەڵوێستی عەجیب غەریب بۆ یەكەم جار بەبەر چاوما تێپەڕی لەشاشەی جەزیرەوە بڕوام نەكرد، پاش تۆزێك ڕامان نوسرایەوە " تاڵەبانی سەرۆكی عێراق داوای بەخشین و لێبوردنی لە ئۆردوگان كرد لە بەرامبەر هەڵوێستی مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێم " ئەمە لە لایەك، هەڵوێستی دووەم نوسرابوو" بارزانی بەتوندی بەرنگاربوونەوەی خۆی ڕاگەیان لە بەرامبەر هەندی هەڵوێستی سیاسەتمەدا رو سەربازانی پایە بڵندی توركیا سەبارەت بە هەڕەشەكانیان"

هێشتا مەرەكەبی قیمەی ڕیاز وشكی نەكردووە تاڵەبانی مژدەی بە ئۆردوگان دا، كە سەربەستن لیژنەیەك پێك بهێنی بۆ ئەوەی لە نزیكەوە بەكارەكانی لیژنەی مادەی "140" بچنەوەوە و چ مەزلۆمیەتێك كراوە سەربەست بن و بیخەنە ڕوو، ئەمە بێجگە، لە پیلانگێڕی و پەیماندان بۆ خۆشكردنی هەڵگیرساندنی شەڕی كورد بەكورد بەكوشتدان...

ئاخر ئەمە چ هەڵوێستێكە، چ یاسایەك لە دەستوردا ئەم ڕێگەیەی بە تۆ دا، مامە گیان، ئەمە ئەو هەڵوێستە جوانانەت بوو پێش چەند ڕۆژێك لە مەو بەر لە كوردستان نێت برادەرێك وڕێنەیەكی كردبوو گوایە مامە لە قیمەی ڕیاز زۆر موعجیبی كەسایەتی و بە لەهفەوە گوی بیستی خیتابەكەی بوون و هەموو سەرۆكەكان ئیعجابیان بۆی هەبووە...

گەلۆ، مامە گیان، لەدوای نەخۆشیەكەی، ڕێگەی تەواوی بە خۆی داوە كە لەوردو بچوكدا هەڵباتی، ئەوە نیە شاباش و سەرچۆپی دەكێشی، بۆ دڕندەترین دوژمنی سەرسەختی كورد زمان.. فەتواكان زۆرو بۆرن، قسەكان بی لەزەتن، ئاخر بە چ ڕوویەكەوە ڕۆژی "5" شەممە بە زۆر بمانهێننە سەر شەقا م تا پیرۆزبایی لەو كوردە بكەین كە بۆتەسەرۆكی عێراقی عەرەبی و لە چركە ساتێكدا بیردەچێتەوە دۆست كێیە و دوژمن كێیە، هێندە بە خۆ ت ئەنازی پێت وایە بەری ڕۆژ بە بێژەنگ ئەگیری...

عەزیزانی وڵاتم، سەیرم لە سەبرو هێوری بارزانی دی، ئەوەی دەیچنی، مامە گیان لە ساتە وەختیكدا ڕێسەكەی بۆ دەكاتەوە بە خوری... ئەی ئەوە نیە سەرۆكی هەرێم هۆشداری دەداتە سەرانی توركیا كەچی مامەم دی و ئیعتیزار دەهێنێتەوە، بە ڕاستی شیعاری نەسرەوتن تا سەركەتن هەر لە خۆت جوانە... ئەی مامەی یاسا ناس و دبلوماسی ئاخر زەمان...

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.